


# ژووری ژمارە شەش

زەردەشت خورشید
(بریتانیا)

وەک کەسێکی سەرمابردەڵە، کە لە کاتی قسەکردن لە سەرمان، ددانەکانی لێک بدات و نەتوانێ وشەکان بەجوانی دەرببڕێ، لە کاتی قسەکردنی ئاسایی ئەو ڕستانەی بۆ تەواو نەدەکرا کە وشەیەکی تێدابووایە هەمان مانا، یان هەمان ڕیتمی ناوی دەزگیرانەکەی هەبووایە، زمانی تەتەڵەی دەکرد و خۆی بە شتێکی دیکەوە سەرقاڵ دەکرد، (بریا) زۆر پێش ئێمە لە کەمپەکە بوو، هەموو کارمەندەکانی ئەوێی دەناسی، کە بە ئینگلیزی قسەی لەگەڵیان دەکرد، هەرچەندە ئینگلیزییەکەی زۆر باشیش نەبوو، بەڵام قەت زمانی تەتەڵەی نەدەکرد.

ئەو شەوە لە ژوورەکە هەر من و ئەو بەخەبەر بووین، باسی سەرما و خۆشەویستی دەکرد، هەستم کرد لە داخی ئەوەی نەیدەتوانی دەسەڵاتی بەسەر ئەو خۆشەویستییە زۆرەیدا بشکێ کە بۆ دەزگیرانەکەی هەیبوو، هەوڵی دەدا دەسەڵاتی زمان و بیرکردنەوەی خۆی بەتەواوی بۆ تێگەیشتن لە پێوەندی سەرما بە خۆشەویستییەوە بەکاربێنێ، بە دەنگێکی پڕ متمانە بەخۆبوونەوە گوتی: وەک چۆن بەسەری پەنجەکانی دەستمان، یەکەم جار هەست بە سەرما دەکەین، پێش ئەوەی سەرما بێتە ناو لەشمان، بە هەمان شێوە یەکەم جار بە دڵ هەست بە خۆشەویستی کەسێک دەکەین، ئەوجا بە تەواوی نوقمی خۆشەویستی ئەو کەسە دەبین.

هەندێ جار ناچار دەبین بە بیانووی سەرماوە باوەشێکی گەرم لە کەسێکی ئازیز بدەین، وەک ئەو زەرنەقووتانەی ناو هێلانەیەک، لەکاتی سەرما و باراندا، خۆیان لەژێر باڵی دایکەکەیاندا دەشارنەوە.

کەمێک خەریکی مۆبایلەکەی بوو، هەستم کرد خەریکی چاتکردنە لەگەڵ دەزگیرانەکەی، منیش ویستم چاویلکەی خوێندنەوەکەم بکەمە چاوم و شتێک بخوێنمەوە، بەبێ ئەوەی سەر لەسەر مۆبایلەکەی هەڵبڕێ، بەدەم تایپکردنەوە گوتی: ببوورە هەر شەوشادی لێ دەکەم و قسەکانت بۆ تەواو دەکەم.

مۆبایلەکەی دانا و خستییە سەر چارج، دەستی بە قسەکردن کردەوە: سەرمای بەرەبەیان وادەکات نامەی ئازیزێک کە پێت بڵێ بەیانی باش، گەرمتر بێت لە نامەی شەوشاد کردنەکەی! دەزانی تەرزە و بەرف کە لە هەندێ ناوچە پێی دەڵێن (تەزرە) و (بەفر) هەردووکیان ساردن، بەڵام (تەرزە) لەبەر ڕەقێتییەکەی کەمتر هەستی سەرمات پێ دەدا وەک لە بەفر؟! لەوانەشە هەر لەبەر سەرما بووبێ لە کاتی قسەکردن پیتەکان لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە پاش و پێش کرابن.

منیش بۆ ئەوەی قسەکانی ئەو ببەمەوە ناو دنیای فیزیا و گەردوونناسی، باسی ئەوەم بۆی کرد کە چۆن گەردوون لە بنەڕەتدا تاریک و ساردە، بەڵام گەرمی تیشکی ڕۆژ بگاتە هەر شوێنێک، پلەی سەرما کەم دەکاتەوە، دووریی هەسارەی زەوی لە ڕۆژەوە وای کردووە کە بۆ ژیان گونجاوبێ. سەرما و تاریکی بەیەکەوە وایانکردووە مرۆڤ بتوانێ کوێرانە خۆشەویستیی بکات، لە هەمان کاتدا گەرمی و تیشکی ڕۆژ کە هەردووکیان وزەن، زانین و زانستمان پێ دەدەن.

تۆ تێبینی ئەوە بکە، مرۆڤ پێش پەیدابوونی ئایین و زانست، ئاگر و ڕۆژی پەرستووە، ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ هەوڵدانی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە گەرمی و ڕووناکی، بەم شێوەیە مرۆڤ توانیویەتی پەرە بە زانست بدات، لە هەمان کاتدا بۆ دروستبوونی خۆشەویستی و هارمۆنیەتی پێکەوەژیان هەمیشە پێویستی بە ڕۆڵی سەرما و تاریکی هەبووە. باوێشکێکم دا، (بریا) بە هەلی زانی قسە بباتەوە مەیدانی سیاسەت، بە دەنگێک کە گەرموگوڕی پێوە دیار بوو لەهەمان کاتدا بۆ ئەوەی ئەو دوو کوڕە ئەفغانییەی لە ژوورەکە لەگەڵمان بوون لە خەو هەڵنەستن، کەمێک لەسەرخۆ قسەکانی درێژە پێ دا، ڕاست دەکەی ئاگر و ڕووناکی سەرچاوەی زانستن، ئەو وڵاتە زلهێز و خاوەن چەکانە بۆ پەرەپێدانی پێشکەوتنەکانیان لە بواری چەک و تەقەمەنی هەردەم سوودیان لە گەرمی و ڕووناکی وەگرتووە. ئەو میللەتانەی وڵاتەکەیان ساردە، خۆشەویستی لە نێوانیاندا زیاترە و تووشی شەڕی ناوخۆ نەبوون، بە نموونە سوید، بە بەراورد بەو میللەتانەی لە وڵاتی گەرم دەژین وەک ئیسپانیا. ئەوەی ئێمەشی هێناوەتە ئەو وڵاتە ساردە وەک پەناهەندە، تەنیا خۆشەویستییە، خۆشەویستی بۆ ژیانێکی ئاسوودە.